کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-8-2007 13:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەولێر _ باشووری کوردستان

**هۆکارەکانی لەشفرۆشی لە وولاتی من ...هەرمان خالد**

مرۆڤ ئەوەندەی لە ژیاندایە، بەردەوام لە بیری پڕکردنەوەی پێداویستیە ڕۆحی و ماددیەکانی خۆیدایە، زۆر کات بی ئەوەی بزانی، داواکاریەکانی لە کۆتاییدا بە زەرەر و شکستی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە دەرونی مرۆڤ، بەردەوام فەرمان بە شتە ڕووکەش و بریقەدارەکان دەکا، گرنگی بە ناوەڕۆك و کاکڵەی بابەتەکان نادا.

بە هۆی پێشکەوتنەکانی دونیا و پێویستی بوونی دانانی یاسا و ڕێسایەك بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە سەری بڕۆن، هەندی لەو حەز و ئارەزوانەی مرۆڤ سنوردارکران. ئاینە ئاسمانیەکان، بەشێکی دیاری ئەو هەموو حەزانەی مرۆڤیان، بە جۆرێك لە جۆرەکان یاساغ کرد، بۆ ئەوەی ژیان لە بی سەرو بەری ڕزگار بکەن. یەکێك لەو حەزە لە بن نەهاتووانەیش، کە ئاین بە تایبەت ئاینی ئیسلام کۆت و بەندی بۆ دانا لایەنی سێکسی و هەستی (جنسی) مرۆڤەکان بوو، کە تەنیا لە چوارچێوەی گری بەستێکی دانپێدانراو لە لایەن هەردوو لاوە بەرجەستە بوو، بەدەر لەو گرێبەستە ئەنجامدانی هەر کارێکی سێکسی بە توندی یاساغ کرد. لە کوردستانیش، چونکە لە یاساکان ئاین بە شێوەیەکی دیار پشتی پێدەبەستری، هەروەها کەلتور و داب و نەریتی کوردی دژی ئەو کارەیە، بۆیە بە یاساش ڕێپێنەدراوە.

ئەگەر ئێمە بمانەوی لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی بڕۆین لە کوردستان، دەبی بە تەواوی هۆکارەکانی ئەو کارە نایاساییە بزانین و ڕوونی بکەینەوە.

لەشفرۆشی بە مانای تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکان و دابین کردنی بژێوی ڕۆژانەیە، زۆرێك لەو ئافرەتانەی ئەو کارە دەکەن، ئەگەر گفتوگۆیان لەگەڵ بکری، هۆکارەکان بۆ کەمدەرامەتی و هەژاری دەگێڕنەوە، هەندێکیشیان هەر بۆ تێرکردنی حەزە شاراوەکانیانە.

مرۆڤ بۆ ڕوو دەکاتە ئەو کارە؟ ئافرەتان بۆ هەوڵ دەدەن جەستەی ڕێك و جوانی خۆیان هەر ڕۆژەی بخەنە بەر ڕەحمی پیاوێك؟ ئەو پیاوانەی بی بەشن لە ویژدان! ئەو پیاوانەی ئافرەتیان تەنیا بە جەستە و لەش و لار دەوی نەوەك بە عەقل و ژیری! ئەو پیاوانەی لەو کاتانەدا خراپترین و ناشیرنترین قسە بەو ئافرەتانە دەڵێن!

هۆکارەکانی لەشفرۆشی لە کوردستان:

1- بوونی حەزی سێکسی لە لای هەموو مرۆڤێك، بە پیاو و ئافرەتەوە. ئەو حەزە زۆر جار بە تایبەت لای ئەو کەسانەی دوورن لە ئاینە ئاسمانیەکان، وایان لێدەکا، بە هەموو شێوەیەك، هەوڵ بدەن بۆ ئاسودەبوونیان لە ڕووی سێکسی و کاری نایاسایی.

2- کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهان. تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991، خەڵکی کوردستان کەمتر ئاشنا بوون بە دونیا و شتە نوێکانی دونیا، ئەم کرانەوەیە بی پلان و ئامانجە، وای کرد کورد بە زووترین کات دەستی لە هەموو ئەو شتانە گیر بکا، کە وولاتانی تر بە تایبەت وولاتانی ئەوروپا پێی گەیشتوون. بی ئەوەی ئەو ماوەیە بدا بە خۆی بۆ بیرکردنەوە لەوەی ئێمە وەك گەلی کورد پێویستیمان بە چیە و بە چی نیە؟ لەو قۆناغەدا هەندی لە ئافرەتانی ئێمەش، ویستیان وەك ئەوان بژین، وایان دانابوو ئەوان دەزانن بژین نەوەك ئێمە!

3- هەژاری و نەداری. مرۆڤ ئەو کاتەی هەست دەکات ڕووت و برسیە، هەموو شتێك دەکاتە قوربانی لەتە نانێك. لە کاتی گرانی بازار و نەبوونی دەرامەتێك بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ، مرۆڤ ناچار دەبی، جەستەی خۆی بخاتە مەزادەوە، دواتر هەر ئەوەیە دەبێتە کەسێکی دیار لە بواری کارەکەی خۆی و زۆر بە ئاسایی وەری دەگری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
21-8-2007 13:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

4- بەرپرسە گەندەڵەکانی وولاتی من. زۆرێك لە بەرپرسان، هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیەن، ئەوان هەندی ئافرەت ناچار دەکەن بەو کارە لەگەڵیان، بۆ ئەوەی کاریکیان بۆ راپەڕێنن و ببنە یارمەتیدەر (واستە) تا کارەکانیان بۆ بە سانایی بڕوا.

5- بوونی ململانێیەکی فیکری لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوی. نەوەی کۆن (باوکانی ئێمە)، بەردەوام داکۆکی لەوە دەکەن نەوەی نوی دەبی وەك ئەوان بژی و وەك ئەوان بیر بکاتەوە، تەمەن و کات و پێگەیشتنی ئەو نەوەیەش (نوی) ڕێگەی ئەوەی پێنادا وەك باوکی بژی، وە ناتوانی سەربەخۆ بی چونکە لە ڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ نیە، بۆیە ڕوو دەکاتە هەموو کارێك، تا بتوانی دژایەتی باوباپیران بکا.

6- بوونی خۆشەویستیەکی درۆیین. زۆر لە گەنجان و لاوانی ئێمە ئاشقن، بەو مانایەی پەیوەندی خۆشەویستیان لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەیە. زۆر کاتیش ئەو پەیوەندیە لە سەر بنەمای خۆشەویستیەکی پاك بنیات نەنراوە، کوڕە بە سەدان درۆ و دەلەسە، کچە هەڵدەخەڵەتێنی و لە ژوانێکدا کاری سێکسی لەگەڵ دەکا، دواتر چونکە هەر بۆ ئەم مەبەستە کچەی خۆشویستووە، بە هەزار بڕوبیانوو وازی لێدەهێنی، لەو کاتە کچە دەکەوێتە بارێکی خراپ و هەموو بڕیارێك دەدا بۆ شاردنەوەی کارەکەی خۆی، ڕۆژێك دووان، لە کۆتاییدا ناچار دەبی خۆی بخاتە نێو زەڵکاوێك کە پێی دەڵێن لەشفرۆشی!

7- نەبوونی هۆشیاری سێکسی لای تاکەکان. کچ و کوڕانی نیشتیمانی من، تا دەگەنە ئەو کاتەی شوودەکەن و ژن دەهێنن، هیچ لە بارەی سێکس و کارەکتەرەکانی (ئەندامەکانی) سێکسی خۆیان نازانن، لە لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکانیش بەردەوام باسی سێکس دەکری و ئەویشی هیچی لەبارەوە نازانی، هەموو شتێکی قەدەغەش خۆشە هەروەك عەرەب دەڵی (کل ممنوع مرغوب)، بۆیە ئەویش تاقی دەکاتەوە، کە دواتر هەست دەکا ناتوانی بی ئەو کردارە (سێکس) بژی، دەبێتە شتێکی ڕۆتینی لە لای.

8- دوور کەوتنەوەی خەڵکی لە ئاین و بەها ڕەوشتیەکان. هیچ ئاینێکی ئاسمانی ڕێگە بەوە نادا مرۆڤ وەك ئاژەڵ بژی، هەر کاتی و لەگەڵ هەر کەسێك بیەوی کاری سێکسی بکا. ڕەوشتی پاك و کوردانە، ڕێگری لە هەموو کەس دەکا ئەو کارە لەگەڵ خەڵکی تر بکا. تاکی کورد چونکە خۆی نایەڵی کەس لەگەڵ دایك و خوشك و خێزانی ئەوها کارێك بکا، بۆیە لە ڕووی ئەخلاقەوە نابی ئەو مافە بە خۆی بدا کاری سێکسی لەگەڵ خوشك و خێزانی خەڵکی بکا.

hgrawy@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.